

# هاوبەشی کورد لە هەڵبژاردندا بۆ دیموکراتەتیزەکردنی کۆمەڵگایە یان قۆنتەراتی سیاسیە!!!!!!

## جەزا چنگیانی

ئەوەی ئاگای لە مەزادخانەی سیاسی عیراق بێت و لەوە تێدەگات کە لە ساڵی لە دایك بوونی عیراقی زۆڵەوە ( 1921 ) تائیستا . پارە چ ڕۆڵێکی لە قونتەراتی سیاسی لە گۆڕەپانی سیاسی باشوری کوردستان وعیراق دا بینیوە . کە ئینگلیزەکان بۆ یەکەمجار عیراقیان داگیرکرد لە تەك هێزی سەربازی وتەقەمەنی و کادیری هوشیاری سیاسیدا . پارەیەکی فرەیان هانی و بە پیٚ پێویست و لە کاتی خۆیدا کەرامەت و ڕۆڵی کەسانی مۆڕاڵ تەنکی کورد و عەرەبیان پێکری . مارکس ئەگەر فەلسەفەکشی خرابێتە کەناری مێژوو وە . ئەوە بۆچوونە بەرز و تیڕوانیین وپێش بینیە بەرزەکانی لە بارەی سەرماییە و ڕۆڵی لە بۆگەنك پێکردنی هەستە مرۆیەکاندا هەمیشە لە شەوقدایە . لە بارەی پارەوە دەبێژێ ( پارەی پیس ) یانی ئەو مەزنە هێندە لە ڕۆڵی پیسی پارە و بەرژەوەندی تاکی چڵێسی کۆمەڵگا گەیشتبوو تەنیا ووشەی ( پیس ) ی کردبووە نازناوی پارە. منیش پێموایە ئەوەی لە پارە نزیك ببێتەوە ویژدان و موڕاڵی مرۆی لە بیر دەچێتەوە . هەموو ئەو قونتەراتە سیاسیانەی کە جێبەجی دەکریٚ چ لە سەردەمی دامەزراندنی عیراق ( 1921 ) لە سەردەسەتی ئینگلیزەکان و دامەزراندنەوەی عیراق بۆ جاری دووهەم ( 2005 ) لەسەردەستی ئەمەریکادا گشتی لە پێناوی خزمەتی خاوەنی کۆمپانیە پتڕۆڵیەکانی ئینگلیز و ئەمەریکایە . بۆ ئەو کۆمپانیانە گرفتیك دروست ناکات کورد 100 ساڵی تر وەك ئاژەڵ لە ژێر چنگی عەرەبی پڕیمیتیفی عیراقیدا بچەوسێتەوە . ئەوان بەرژەوەندیان لەسەر خۆینی ملوینەها مرۆڤ دابن دەکەن. ئەمە سیستەمی پاراستنی خود وبەرژەوەندیە .عەرەبەکان بەوە زۆر هوشیارن . کە بن بە پاشکوی بەرژەوەندی ئەمەریکی بەڵام کوردی کێوی( تاڵەبانی و بەرزانی ) لە هاوکێشە سیاسیەکانی دوای ساڵی 1991 یەوە ئاوزانی ووشك هەڵهاتویان پەی بەوە نەبردووە کە بەرژەوەندی کورد لە گەڕانەوەی کەرکوك وخانەقین وموصل و شارو پتڕۆڵیەکانی کوردستانەدایە . بۆیە ئیستا عەرەبەکان بۆ یاسای 58 پەنجەی ناوەڕاست بۆ کورد بەرزدەکەنەوە . سەرشۆڕیە بۆ مەسعود بەرزانی و کورد ... لە کاتێکدا خۆی خاوەنی

عەشیرەتێکی گەورە و چەند ملیارد دۆلارە وخاکێکی فراوانی دەوڵەمند . کە دەتوانی ملوینوها مرۆڤی گەوجی کوردی بە فیکەیەك کۆبکاتەوە. بەڵام چونکە خاوەنی کەسایەتێکی ڕەسەنی کوردی و دابڕاوە لە هەستی نەتەوایەتی خۆی بچوکدەکاتەوە دەچیتە ئاستی ناهوشیاری سەرۆك عەشیرەتە نەخویندەوارەکانی عەرەب وەك خۆازبینی کیژێکیان لیٚ بکات . لیّان دەپاڕیتەوە بۆ چارەسەری گرفتی کورد * 1... ڕاستە لە زۆر شوینی ئەم دونیایەدا سیاسەتمەداران لە پڕۆسە سیاسیەکاندا پارەیان بەکار هێناوە ( وەریان گرتوە یان داویانە ) وەلی لە هەندی پڕۆسیسدا سنورێکی بۆ دانراوە بەتەواوەتی جڵەوەی سیاسی و ئیستراتیجی پڕۆسێسە سیاسیەکە بۆ پارە تا لووتەپێی نە چەماوەتەوە . وەك(بەرزانی و تاڵەبانی )بۆی چەماونەتەوە .لیلین پارەیەکی زۆری لە کۆمپانیای پتڕۆڵی ئەمەریکی و (J.D.Rockefeller ) و ئەڵمانیەکان وەرگرت و شۆڕشەکەی پیٚ پیادەکرد . کە ئەمەریکاییەکان بۆ یەکەمجار ساڵی 1943 لە تەك خێڵە عەربیەکانی سعودییەدا دانیشتنیان کرد تێگەیشتن لەوەی ئاوزان و کەرامەتی کۆمەڵگای ئیسلامی و جیهانی سیهەم زۆر زوو لە ئاست پارەدا دەچەمێتەوە .( ساڵی 1943 پێش کۆتای هاتنی جەنگی جیهانی دووهەم سەرۆکی ئەمەریکی ئەو ساتە ( رۆزفلت ) لیژنەیەك لە پسپۆرانی سیاسی و پتڕۆڵ دەنیرێت بۆ ئیران . کۆیت . سعودیە . قەتەر . بەحرین ... بە مەبەستی تێگەیشتنی ئاوزانی ناوچەکە و دۆزینەوەی ڕیگەیەکی ئاسان بۆ قۆرخکردنی سامانی پتڕۆڵی . دوای ئەوەی لیژنەکە نرخی ناوچەکە بۆ سەرۆکی ئەمەریکی ڕووندەکەنەوە , سەرۆکی ئەمەریکی دەڵی چۆن بتوانین دەسەڵاتمان لە وناوچەیەدا قایمبکەین . ( هارولد ایکس ) وەزیری ناوخۆ و پسپۆری بۆاری پترۆڵ بە سەرۆکی ئەمەریکی دەڵی (مەلیك ابن سعود دوو شتی گەرەکە پارە و پاڵپشتیٚ بۆ دەسەڵات و خیزانەکەی ) ئەم دوانەش بۆ ئێمە ئاسانە .*2. لە ساڵی 1944 تائیستا ئەم سیاسەتە درێژەی هەیە . محمد مصدقی ئیرانی کە لەسەر گرفتی خۆماڵیکردنی پتڕۆڵی ئیرانی لە ساڵی 1951 تا کودەتاکەی 1953 ملی بۆ ملیاردە بەرتیلەکانی کۆمپانیە پترۆڵیەکانی ئەمەریکا وئینگلیز نەدا . بۆیە نازناوی قارەمانێکی ناسیونالیستی فارسی پێبڕا . مەندیلا 27 ساڵ زیندانی پەسەند کرد و بە ملیارد دۆلاری خستە زبڵخانەی میژووە , بۆیە مەندیلا ئەو پیاوە ڕەشەیە قەت میژوو ڕەشی ناکات . غاندی چووتی سەرپای و گۆچانێك و بەرگێکی سادەی پەسەند کرد وەلیٚ ملیارد پاوەنی ئینگلیز خستە زیرابی هەژارانی نیشتمانەکەیەوە .... شیخ مەحمودی نەمر یەکیك بوو لەو سەرکردانەی ملی بۆ سامانی داگیرکەر شۆرنەکرت ....ئەمانە ئەستیرەی ئاسمانێکن نەوەکان شانازیان پێوە دەکەن ....

دوای ئەم هەموو ساڵە چەوساندنەوە و ئەنفال و ڕەو داماوی . هەردوو سەرکردەی چڵێسی کورد (بەرزانی و تاڵەبانی ) ئەگەر میژوویان لە قۆنتەراتی سیاسی بژار بکەین تەنیا دەتوانین میژوویەکی تەنکی هەرزەکاریان بنوسینەوە . لەو ڕۆژەوەی بوون بە مڵۆزمی بزوتنەوەی کوردی ئەم دووانە خەریکی بازرگانین بە خۆین مرۆڤی کورد و سامانی کوردستانەوە . ئەوانەی تا ساڵی 1991 کردویانە دەکری وەڵامێکی سادەیان هەبیٚ وەلی لە دوای ئەو میژووەوە . بەتایبەتی ڕمانی صدام 2003 ئەو بیانۆەیان نەما . کەچی چونکە فیری پارە و قاچاخچیتی بوون ئەوەتا بۆ کپکردنی پرسیاری خەڵکی کورد و سارکردنەوەی دۆخی باشوری کوردستان قۆنتەراتی هەڵبژاردنیان لە ئەمەریکا و ناسیونالیستی عەرەبی بە چەند بلوین دۆلار قەبلاًن . ماوەیەکە ئابووری بازاری کوردستان ئاوساوە ئەو ئاوساوبونەش بەری چالاکی و پیشرەڤ بازرگانی وپیشەسازی کوردستان نیە . بەڵکو هەردوو سەرکردە چمکێکی کەمی

میلیارد دۆلارەکانیان خستۆتە بازار و تا تواناى مرۆڤی کوردی پیٚ چەك بکەن . ( بەرزانی و تاڵەبانی ) ووتیان هاوبەشی هەڵبژاردن ناکەین ..پاش ماوەیەك ووتیان دەیکەن ... لەم کردن و نەکردنەدا ... هیچ هۆیەکیان بۆ مرۆڤی کورد ڕووننەکردەوە . لە نێوان ئەم بازیەشدا تەنیا کوردە و هەلی میژووی و کەرامەت و ژیان و ئایندەی لە دەستدەدا ... هاوبەشیکردنی کورد لە هەڵبژاردنیك کە پێش وەخت دەست نیشانی کورسیەکان بۆ کورد لە پەرلەمانی عیراقدا کرابیت و کورد لەو پەرلەمانەدا کەمینە بیت( دەبێت کەمینە مافیش بیٚ ) پاشقولی هەڵبژاردنی ناسیونالیستی عەرەب لە کورد هێندە سادەیە هەموو کەس لێتیدەکات ( تاڵەبانی و بەرزانی ) و ڕۆژنامەنووس*3 وچڵکاوخۆرەکانی دەرباری کۆشکە دۆلاراوییەکانی ئەو دوو ملۆزمە نەبێت . کە بەری چاوی هوشیاری ومۆراڵی مرۆی و هەستیان بە دۆلار سواغدراوە .

* 1 تەلەفزوینی پارتی شەوی 11/01/2005 دیدارێکی مەسعود بەرزانی لە تەك سەرۆك عەشیرتە عەرەبەکاندا .

** 2 حرب الخليج .... اوهام القوه والنصر .... محمد حسنين هيكل .. مركز الاهرام للترجمه و لنشر

3* لە بەرنامەی پەیڤین ی کوردسات دا .ڕۆژی 12/01/12005 ستران عبداللەی ڕۆژنامەنووسی دەرباری جەلالیەکان هاوبەشی هەڵبژاردنی بە ئەرك دانا....

jazachingiani@hotmail.com

www.chingiani.de

فرانکفۆرت .....14/01/2005